# وتاری هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر مامۆستا عبدالله حسن زادە

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## لە سێزدەهەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمر دا

*هاوڕێ خۆشەویستو تێکۆشەرەکان!*

*خوشكو برا بەڕێزەکان!*

بەخێر بێن بۆ کۆڕی رێزگرتن لە یادی شەهیدی نەمر دوکتور عبدالرحمن قاسملو، رێبەری زاناو بــە توانـای حـیزبی دێموکراتــی کوردسـتانی ئێران. ئەمڕۆ تەنیا رۆژی ساڵ نیە کە حیزبی دێموکرات یادی شەهیدانی تێدا دەکاتەوە. بەداخەوە هەر لەوکاتەدا بەشـانازیەوە دەکـرێ بڵێـین هەموو رۆژێکی ساڵ ساڵوەگەری شەهید بوونی یەك یان چەند و تەنانەت چەندین رۆڵەی تێکۆشەرو خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتــی کوردسـتانی ئێرانە. هەربۆیەشە حیزبەکەمان رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی هەموو ساڵێکی وەك رۆژی شەهیدان دیــاری کــردوە تـا لــەو رۆژەدا یــادی هــەموویان بکرێتەوەو تەنیا شەهیدانی رێبەرن کە هەموو ساڵێ لە رۆژی شەهید بوونیان دا رێزیان لـێ دەگیرێ.

کۆڕی ئەمڕۆمان بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ١٣ ساڵ لە تیرۆری رێبەری لێوەشاوەو پایەبەرزی حــیزبی دێموکـراتو دیپلۆمــاتو سیاســەتمەداری ناوداری کورد، دوکتور قاسملووی نەمرو ٣ ساڵەی کۆچی دوایی بە ناوەختی خەباتگێڕی ماندوویی نەناسـی ریزەکـانی دێموکـرات سـەید سـەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبە خۆشەویستەکەمان لە رۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا، ڕێك خراوە. بەشداریی ئێوە لەو رێورەسمــەدا نیشانەی رێزدانانە بۆ ئەو نەخشە گرنگو کاریگەرە کە هەردووکی ئەمانەو بەتایبەتی دوکتوری نەمر لە بەرەوپێشبردنی خەباتی حیزبو گەل دا یارییان دەکرد.

زۆر لە بەشدارانی ئەم کۆڕە دوکتور قاسملوویان لە نیزیکەوە نەدیوەو تەنیا لە رووی یادگارو شوێنەوارەکانی لە نێو حیزب دا، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبە مێژوویی‌یەکانو لە زمانی تێکۆشەرانی هاودەورەیەوە ئەویان ناسیوە. بەڵام زۆربەی ئێمە سەید سەلامی عــەزیزمان لــە نێو خۆمان دا دیوەو هەر ئێستا کە یادی دەکەینەوە، قەڵافـەتی جوامێرانـەو لـێوی هەمیشـە بـە بـزەو تەنانــەت ئیمـانی بــە هــێزو ئــیرادەی خەباتگێڕانەی ئەو هاوڕێ بەوەجو بە توانایەمان لەپێش چاوە. هەمووی ٣ ساڵە کە لە وەختێکی ناوەختو لە هەلومەرجێك دا کـە حیزبەکـەیو گەلەکەی لە هەموو کاتێك زیاتریان کار پێی بوو، دەستی ئەجەل لە باوەشی رفاندینو داخی لەدەستدانی لەسەر دڵ بەجێ هێشتین.

سەلام عەزیزی ئەو رۆڵە بە ئیمانو لەخۆبووردووە بوو کە لەگەڵ ئەوەی پێش راپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران پێوەندییەکی قووڵی بە حیزبەوە نەبوو، هەر کە دەرەتانی بۆ خولقاو بانگەوازی ویژدانی بۆ دیفاع لە مانو مافەکانی خەڵکی کوردســـتان بــەگوێ گەیشــت، پشـتی لــە هــەموو خۆشی‌یەکانی ژیانو هەموو پلەو پایەیەکی دەوڵەتی کردو وەك پێشمەرگەیەك ریزەکانی حیزبی دێموکراتی بۆخــۆی هــەڵبژارد. بــەڵام بــە کـاری بەردەوامو دڵسۆزانەو نیشاندانی لێوەشاوەیی ماوەیەك دواتر هەموو پلە تەشکیلاتی‌یەکانی بریو گەیشتە پلــەی ئــەندامی کۆمیتــەی نـاوەندیو دەفتەری سیاسی.

ئاخر مەسئوولییەتی کاك سەلام بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بوو. ئێوە هاوڕێیان باشتان لەبیرە کە بە چ ئینـێرژیو هــەوڵو تەقەلایەکەوە شەو و رۆژی دەدایە دەم یەك بۆ ئەوەی لە بەجێ‌هێنانی ئەرکەکانی دوا نەکەوێو ئۆلگوویــەکی بـاش بــێ بـۆ کـادرو پێشــمەرگەو هەموو ئەندامانی حیزب کە بە پێی مەوقعییەتەکەی پێوەندیی لەگەڵ هەموویان هەبوو.

بێ‌گومان لە دەستچوونی ئەو تێکۆشەرە بۆ هەمووی ئێمە زیانێکی گەورەو داخێکی جەرگبڕ بوو. بەڵام با نەیشارمەوە کــە ئــەو برینــە بــۆ ئێمە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، هاوکارانی هەرە نیزیکی کاك سلام بەژانتر بوو. ئێستاش پاش تێپەڕینی ٣ ساڵ جێی لە نێو جەمعی ئێمــەدا هەر دیارەو یادیو ناویو بیرەوەری‌یەکانی بە بەردەوامی حازرە. رووحی شادو رێگای پڕ رێبوار.

که دێینه سەر باسی دوکتور قاسملوو لە پێش دا دەبێ بڵێین هەم ئەو جۆرە کۆڕو کۆبوونەوانە بۆ یادی ئەو گەورە پیاوەو ڕێزگرتن لە خزمەتو شاکارەکانی زۆر چووك و بەرتەسکن و هەم دەرفەتێکی وەك ئێستا بۆ باسی بەشێکی هەرچەند کەم لە سروشتە شۆڕشگێڕانەو زانستی و خەباتگێڕانەو ئینسانی یەکانی زۆر تەنگە. قاسملوو ئەوە هەڵ دەگرێ کە ساڵانە لە هەموو شاروگوندێکی کوردستان و هەموو پارچەکانی کوردستان کۆبوونەوەی هەزاران و دەیان هەزارو سەدان هەزار کەسی بۆ یادی شەهید بوونی بگیرێ و هەر لەو کاتەدا دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی بکرێ و بە دەیان تێزی دوکتورای لەسەر بنووسرێ. کەوایە لەم دەرفەتە کورتەدا دەتوانین شتێکی یەکجار کەم و تەنانەت کاڵ و کرچیش لەبارەی قاسملووی ڕێبەرەوە باس بکەین.

لە نێو ئەم باسە کورتەش دا ڕێگام بدەن زۆر خێرا بەسەر دەورەکانی سەرەتای تێکۆشانی لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێپەڕم، بۆ ئەوەی دەرەتانێکی کەمێك زیاتر بۆ باسی دوا دەورەی تێکۆشانی وەك ڕێبەری حیزبە خۆشەویستەکەمان بهێڵمەوە. ڕەنگە زۆربەی ئێوە بزانن کە قاسملووی نەمر تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە ئەندامەتی لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەست پێکردوەو هەتا پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان نەخشێکی ڕاستەوخۆی لە تێکۆشانی حیزب دا نەبووە.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان عبدالرحمن قاسملوو یەکێك لەو کەسانە بووە کە لە دەست پێکردنەوەی خەباتی نهێنیی حیزب دا نەخشیان هەبووەو بە تایبەتی لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانە دا بووە کە ساڵی ١٣٣٤ پاش دەورەیەك یەکیەتیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزب دا بڕیاری بچڕاندنی پێوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی توودەو سەربەخۆ کردنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتیان داوە.

داستانی ناکۆکیی نێو ڕیزەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب و گیروگرفتەکانی ژیانی سیاسی لە دەربەدەریدا پاش ڕاکردنی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەری بۆ عیراق و لەوانەش گرنگتر وەدەرنرانی دوکتور قاسملوو لە عیراق بە دەسکیسیی موخالیفەکانیشی شتێك نیە کە لێرەدا دەرەتانی باسکردنی هەبێ. لەم بەشەدا هەر ئەوەندە دەڵێم کە لەماوەی زیاتر لە دە ساڵ ژیان لە دەربەدەریدا ئەگەرچی بە کردەوە پێوەندی یەکی بە تەشکیلاتی حیزبەوە نەمابوو، و تەنانەت وەك شەخسێك لە ژێر چەتری تەشکیلاتیی حیزبی توودە دا دەژیا، هیچ کاتێك پێوەندیی مەعنەوی و ڕووحیی لەگەڵ کوردو حیزبی دێموکرات نەپساندو بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی "کوردستان" بە هاوکاریی چەند کەس لە دۆستانی تا ڕادەیەك توانیبووی کەلێنی نەبوونی هیچ بڵاوکراوەیەکی ڕێك و پێك بە ناوی حیزبەوە پڕ بکاتەوە. ئەو دەورەیەی "کوردستان" هەرچەند ئۆرگانی حیزب نەبوو، بەڵام نێوەرۆکەکەی دیفاع لە ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد لە ئێران و ڕوانگەو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

نەخشی دوکتور قاسملووی ڕێبەر ئەوکاتە دەست پێدەکاو زەق دەبێتەوە کە ساڵی ١٣٤٩ دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەبارەی بەرەسمی ناسرانی ئوتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراقەوە دەگەڕێتەوە عیراق. بەداخەوە زۆر کەمن ئەو هاوڕێیانە کە بە چاوی خۆیان ئەو دەورەیە لە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتیان دیوەو لە نیزیکەوە لە نێوی دا ژیاون. ماوەی دە ساڵی نێوان ١٣٣٩ تا ١٣٤٩ بە ئاسانی دەکرێ بە دەورانی مەینەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ناو ببرێ. لە پێش دا دەبێ بڵێم ئەم ماوەیە هەر لەوکاتەدا دەورانێکی پڕ هەوڵ و تێکۆشان و فیداکاری و قارەمانەتی و گیانبازییش بوو. لەو بارەیەوە هەر ناوبردن لە بزووتنەوە چەکدارانە ١٨ مانگی یەکەی ساڵانی ٤٧ــ١٣٤٦ وەك بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەم بۆچوونە بەسە.

بەڵام ئەو دە ساڵە بۆیە بە دەورانی مەینەت دادەنێم چونکە پڕ بوو لە ململانەی بێ جێ وماڵوێرانکەر لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا، دەورانی لەبیرچوونەوەو لەوە زیاتر پێشێلکردنی ئوسوولی حیزبی، سەردەمی ترازان لەو ڕێبازە ئینسانی و دێموکراتی و پێشکەوتووانەیە بوو کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانی خۆیەوە هەڵی بژاردبوو، دەورانی گرفتار بوون بە سەرەڕۆیی و بڕیاری تاکەکەسی و لەوانەش تراژیکتر دەورەی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان بوو.

لە سەروبەندێکی ئاوادا بوو کەکورد دەروویەکی خێری لێ کرایەوەو بە ئیمزاکرانی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار لەنێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی عیراق و دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا دەرەتانێکی هەرچەند کەم و بەرتەسك و تەنگەبەر بۆ تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەخسا. ڕاست لەو دەورەیەش دابوو کە دوکتور قاسملوو بە دنیایەك ئەزموون و ڕابردووی سیاسی و دەلیایەك لەزانست و وردبینی و ڕادەیەکی بێ وێنە لە پێوەندیی شەخسی و سیاسی و زانستی لەگەڵ شەخسییەت و کۆڕو کۆمەڵە کوردو ئێرانی و خاریجی یەکانەوە

گەڕایەوە کوردستانی عیراق‌و لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزب کە هەر بەشەیان لە جێیەك‌و بە شێوەیەك دەژیان‌و کەمترین رادەی پێوەندیی فیکـری و تەشکیلاتی پێکەوەی گرێ دەدان یەکی گرتەوە.

بە راشکاوی‌و هەر لەو کاتەدا بەئەمەگناسی‌یەوە دەبێ بڵێین دوکتور قاسملوو لەم دەورەیەدا رۆنێسانسی لـەنێو حـیزبی دێموکـرات دا بـەرپا کردو گیانێکی تازەی بە بەر پەیکەری نیوەگیانی ئەم حیزبەدا کردەوە. پێش هـەمـوو شـتێك لەبـەر ئـەوە کـە شەخسـییەت‌و نـاوو ناوبـانگ‌و مەوقیعییەتی بۆ هەموو دەستەو تاقم‌و قۆڵەکانی نێو حیزب جێگای قبوڵ بوو. پاشانیش لەبـەر ئـەوە کـە بـە حەوسـەلەو حەکیمانـە لەگـەڵ هەمووان‌و تەنانەت لەگەڵ سەرسەختترین موخالیفەکانیشی هەوڵی دا لە دەوری یەك ئامانج‌و بەرنامە کۆببنەوەو ئەوانەش کە روو لە رێبازێکی وا دروست‌و ئوسوولی‌و نیشتمانی وەرگێڕن عوزرێکی جێگای پەسـندیان نـەبێ. رێگایـەکیش کـە قـاسملوو دەیخسـتە بـەر پێـی تێکۆشـەرانی دێموکرات شتێك نەبوو جگە لەو رێبازە کە لە سەرەتاوە بە دەستی بـەتوانای پێشـەوای شـەهید قـازی محەمـەد نەخشـەی کێشـرابوو و رەنگـی رێژرابوو.

بە هەوڵ‌و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو، و هاوکاریی دڵسۆزانەی هەموو ئەوانەی کە ئامانجێکیان جگە لـە بەرەوپێشـبردنی حـیزب‌و خـەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران نەبوو، هەموو دەستەو گرووپەکانی سەر بە حـیزب‌و زۆر لـەو کەسـانەش کـە بـە نـائومێدی روویـان کردبووە کاری شەخسی‌و لە ژیانی حیزبی دوور کەوتبوونەوە، لە ژێر ئـاڵای حـیزبێکی یەکپارچـەو لـە دەوری ریـزە ئامـانجێکی پێشـکەوتووانە کۆبوونەوە. ئەمجار دەست کرا بە بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی ئوسوولی حیزبی‌و بە ئینسافەوە بڵێم دوکتۆری نەمر قوتابخانەیەکی بۆ پـەروەردەکردنی تێکۆشەرانی دێموکرات بە بیروباوەڕی پێشکەوتووانە کردەوە.

لە پێش دا لەنێو هاوڕێیانی ئاوارەو پەرش‌و بڵاو لە کوردستانی عیراق‌و ناوچەکانی دیکەی عیراق داو دواتریش بەرەبەرە لـە نێوخـۆی وڵات دا رێکخراوی حیزبی دەستی بـە بووژانـەوە کـردو کاردروسـتایی بـۆ دارشـتنەوەی قـەوارەی حـیزبی‌و گرتنـی کۆنفرانـس‌و کۆنگـرەی حـیزبی‌و مەشرووعییەت بەخشین بە رێبەرایەتی دەست پێ‌کراو لە ماوەیەکی دەکرێ بڵێین کورت دا ئەو هــەوڵ‌و تەقەلایـە سـەرکەوت‌و هـەموو ئامانجـە نیزیکەکان وەدی هاتن‌و بەرنامە بۆ خەبات لە پێناوی ئامانجە درێژخایەنەکان دا دانرا.

گەڕانەوەی دوکتۆر لە هەموو مەیدانەکان دا تەکانێکی گەورەی بە حیزبی دێموکرات دا. لە ماوەیەکی کـورت دا حـیزب بـوو بـە خـاوەنی تەشکیلاتی خۆی، بەرنامەو پێڕەوی خۆی، رۆژنامەی ئۆرگانی خۆی، بڵاوکراوەی نێو تەشکیلاتیی خۆی‌و لە هەمووی گرنگـتر بڕیـاری سیاسـیی خۆی. لە حیزبێکی لەبیرکراو و بێ‌ناوونیشان لە نێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکان دا بوو بە خاوەنی پێوەندی‌یەکی بەرینی سیاسی لەگەڵ حـیزب‌و رێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یە کوردو ئێرانی‌و بێگانەکان‌و وەك حیزبێکی بە پرەنسیپ ناوبانگی دەرکرد.

دوکتور قاسملوو فێری زۆر شتی کردین. ئوسوولی حیزبی، نەزم‌و دیسیپلین، بـاوەڕ بـەخۆبوون، بـاوەڕ بـە گرنگیـی تەشـکیلات، بایـەخدانی هەرچی زیاتر بە پیوەندیی بەرین لەگەڵ کۆمەڵانی خەلك، لەبەرچاوبوونی قازانجی گەورەی نەتەوەیی‌و نیشـتمانی‌و قوربـانی کردنـی دەسـکەوتی چووك لە پیناوی پاراستنی دەسکەوتی گەورەو قازانجی گشتی دا. لە نیو ئەو شتانەدا کە بەهەق دوکتور قـاسملوو لـەنیو حـیزب دا چەسـپاندنی بەتایبەتی بەجییە باسی سەربەخۆیی سیاسی‌و سەربەخۆیی بریاردان بکەین کە ئیستاش لە نیو دۆست‌و دوژمن دا حیزبەکــەمان پیـی ناسـراوەو پیی سەربەرزەو هەموومان شانازیی پیوە دەکەین.

بە چەشنیکی گشتی قاسملوو ریبەریکی بەتوانا، هوشیار، زیرەك‌و کارلیهاتوو بوو. ئەو لە زۆر بواری ژیانی سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتی دا کـەم وینە بوو. شۆرشگیرو پیشمەرگەی شاخ‌و رووناکبیرو نووسەرو ئەدیب‌و ئەدەبدۆستی شار بوو. لە ژوورەوە ریبەریکی خەلکی‌و خۆمالی‌و لە دنیای دەرەوە دیپلۆماتیکی کارامەو شارەزا بوو. زۆر کەسی بیگانە لەسەر شەخسییەتی سیاسی‌و توانای دیپلۆماسیی قاسملوو شتیان نووسیوە. لیرەدا تەنیا نموونەیەك لە جاناتان رەنداڵ رۆژنامەنووسی بەتوانای ئەمریکایی دەگیرمەوە کە دەڵێ:"قاسملوو تەنیا ریبەری کورد بوو کە دەیتوانـی بـە لیوەشاوەیی‌و ئازاییەوە لەگـەڵ هـەر دەولـەتیك بکەویتـە وتوویـژو دانوسـتاندنیکی سـەربەرزانە. دەرکـی سیاسـی‌و پیوەندی‌یـەکانی لەگـەڵ سیاسەتمەداران‌و رۆژنامەنووسانی ئورووپایی‌و هی دیکە بوعدیکی "عملی"ی بە شەخسییەتی قاسملوو دابوو کە لە هیچ شەخسییەتیکی دیکەی کورد دا نەبوو". پاشان دەڵێ "زۆر لە کوردەکان لەو باوەڕەدان ئەگەر دوکتور قاسملوو ئیستا مابایە دەیتوانی کاری هەموو کـوردان بـەرەوپیش بەرێ".

هەمووی ئەم خەسڵەتانەو زۆر سروشتی شۆڕشگێرانەی دیکەی دوکتور قاسملوو ببوونە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی داخ لە دڵی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات رقێکی کۆنەپەرستانەی قووڵی لە قاسملوو بێ‌و هەموو رێگاکان بۆ لەنێو بردنی بگرێتە پێش. لە راستی دا رێژیم دەیەویست بە لەنێوبردنی دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکرات لەنێو بەرێ‌و هەربۆیەش نیشانەی لە سەری حیزبی دێموکرات گرتبوو. زۆر لە هاورێیان دەزانن کە دەوڵەت بۆ ئەو ئامانجە دژیگەلی‌یە زۆر رێگای تاقی کردنەوەو سەرنەکەوت. تا سەرەنجام لە هەستی ئاشتیخوازیی دوکتور کەلکی وەرگرت‌و بە غەدرو خەیانەت لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆری کرد.

شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتور قاسملوو زەبرێکی گورچووبڕی لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا.بەڵام کاربەدەستانی رێژیم حیسابیان بۆ نەخشێکی زۆر بنەڕەتی لە کاری رێبەریی دوکتور قاسملوودا نەکردبوو. ئەویش ئەوە کە دوکتور هەمیشە هەوڵی دەدا نەخشی تاکەکەسی لەنێو حیزب دا چووك بکرێتەوەو بایەخ بەکاری بە کۆمەڵ‌و عەقڵی بەکۆمەڵ‌و رێبەرایەتیی بەکۆمەڵ بدرێ. هەر لە وتارە تۆمارکراوەکانی دا هەیە کە دەڵێ ئەم حیزبە گەیشتۆتە جێگایەك کە بەشەهید بوونی یەك یان دوو کەس لە رێبەرانی، هەرچەندیش نەخشی گرنگیان هەبێ، تووشی شکان‌و نووچدان نەبێ. ئەوەبوو کە رێژیم لە وەدەستهێنانی ئامانجی سەرەکی لەو جینایەتەدا ناکام مایەوە حیزبی دێموکرات لە ژێر تیشکی رێنوێنی‌یەکانی قاسملوو، و بە رێگای قاسملوو دا درێژەی بە خەبات داو تا ئێستاش هەروا چەقڵی چاوی کۆنەپەرستی‌و دوژمنانی ئازادی‌یە.

***هاورێیانی خۆشەویست!***

زۆرجارم گوتوە کە دوکتور قاسملوو ئەوەندە گەورە بوو کە ئێمە هیچمان ناتوانین جێگای پڕ بکەینەوە. بەڵام بەکاری بەکۆمەڵ‌و عەقڵی بەکۆمەڵ‌و یەکدڵی‌و یەکدەنگی دەتوانین هەمیشە کەلێنی دوکتور قاسملوو لەنێو خۆمان دا پڕ بکەینەوە. ئێستا دەمەوێ هەنگاوێك بەرەو پێشتر بچم‌و بڵێم هیچ ئینسانێك لە دنیادا پلەی یەکجاریی زانین‌و کەماڵی وەرنەگرتوەو نەگەیوەتە جێگایەك کەس پێی نەگا. کەوایە یەکێك لە مەمانانیش لە دوارۆژدا دەتوانێ ببێتە قاسملوویەك. ئەو هونەرو لێوەشاوەیی‌یە نە لەگەڵ دوکتور قاسملوو لەدایك ببوو، نە بەمیرات بۆی بەجێ مابوو. بەڵکوو بەهەوڵ‌و تێکۆشان، بە کاری بێوچان، بە دڵسۆزی‌و خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بەدەستی هێنابوو. کەوایە یەکی دیکە لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبەش بە تایبەتی لاوە خوێندەوارو تێگەیشتووەکان دەتوانن بگەنە ئەو جێگایە کە قاسملوو پێی گەیشتبوو. بەڵام هەوڵی دەوێ، پشووی درێژی دەوێ، سەبری شۆڕشگێڕانەی دەوێ‌و تاڵی‌و سوێری چێشتن‌و شەو و شەونخوونیی دەوێ.

رەنگە دوکتور قاسملوو لەکاتی خۆیدا ئۆلگوویەکی نەبووبێ کە چاوی لێبکا. ئاشکراشە کە ئیمکانات‌و دەرەتانی فێربوونی زۆر کەمتر لەبەر دەست دابوو. لە حاڵێك دا بەرەی لاوی ئێستا ئۆلگووی دوکتوری شەهیدو زۆر نموونەی دیکەی لە رێبەرانی کوردو غەیرە کوردی لەبەرچاوەو زۆر رێگای فێربوونیشی لەبەر پێ هەن کە لە سەردەمی ژیانی قاسملوودا کورد ناویشی نەدەزانین. بەڵام ئەو ئیرادەیە کە لە دوکتور قاسملوو دا هەبوو دەبێ لە ئێمەش دا هەبێ. نموونەیەك دێنمەوە، هیوادارم کەس وەخۆی نەگرێ. لە کاتێك دا دەبینین لاوانی رووناکبیری ئەمڕۆ زۆریان چاویان لەوەیە کوردستان بەجێ بێڵن‌و روو بکەنە وڵاتانی بێگانە، دوکتور قاسملوو پاش ئەوەی هەموو ئیمکاناتی ژیانێکی پڕ نازو نیعمەتی لە ئورووپا بۆ ئامادە بوو، بۆ خزمەت لە پێناوی رزگاریی گەلەکەی دا گەڕایەوە کوردستان‌و چیاو چۆڵ‌و شاخ‌و دۆڵی کردە جێگای ژیان. لەبیرمە هەر ئەوکات کە گەڕایەوە نێومان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشنیاری پێکرابوو مانگانە بە حقووقێکی سێ‌هەزار دۆلاری وەك کارناس کاری بۆ بکا، کە ئەودەم حقووقی وا بەزۆر کەم کەس دەدرا. کەچی دوکتور ئەوەی رەت کردەوەو هاتەوە لەگەڵ هاورێیەکانی، بێبەشی‌یەکانی ژیان‌و کەندوکۆسپەکانی سەر رێگا دابەش بکا.

***خوشك‌و برا بەرێزەکان!***

ئەمڕۆ لە هەلومەرجێك دا یادی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە کە قاتڵەکانی دوکتور قاسملوو بە سیاسەتی دژی ئازادی‌و ئینسانکوژانەی خۆیانەوە هەروا بەسەر وڵاتەکەمان دا زاڵن‌و هەر رۆژ کە رادەبرێ بۆ پاراستنی دەسەڵاتی زۆردارانەی خۆیان پەنا دەبەنە بەر شێوەیەکی تازە لە زەبرو زەنگ‌و سەرکوتی ئازادی‌یەکان. لەپاش تیرۆری دوکتوری خۆمان تا ئێستا دەیان‌و سەدان تێکۆشەری کوردو ئێرانی هەر لەسەر ئەو داخوازانە کە دوکتوریان لە پێناودا شەهید کرا، بەدەستی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی تیرۆر کراون. ئەگەر ماوەیەکە ماکینەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کەمتر لەکار دایە، کەس نابێ وا تێبگا کە ئەو رێژیمە وازی لە تیرۆرو ئینسانکوژی هێناوە. چونکە جگە لەوە کە

بەشێوەی جۆراوجۆرو بە تاوانی هەڵبەستراوی جۆراوجۆر رۆژانە کوشتار لە ئازادیخوازان دەکا، هەر ئێستاش بە پێی ئەو زانیاری‌یانەی بەدەستەوەن، خەریکی وەڕێخستنی شەپۆلێکی دیکە لە تیرۆرو لەنێوبردنی موخالیفانە.

بەڵام ئەمە لایەکی مەسەلەیە. لایەکی دیکەی مەسەلەکە ئەو ئیرادە پتەوەو ئەو بڕیارە لێبڕاوانەیە کە لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دا بۆ پاکانە حیسابی یەکجاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە هەموو قۆڵو دەستەو تاقمەکانیەوە دروست بووە. ئەو شیعارە راشکاوانەو روونانە کە لە دەمی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵو بەتایبەتی خوێندکارانو روناکبیرانو بەگشتی لاوانی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر دەبیسترێن، مزگێنیی داهاتوویەکی گەشو ئاسۆیەکی رووغان پێدەدەن.

سەرنجێك لە رووداوەکانی تەنیا یەك حەوتووی ئەم دواییە زۆر شتمان بۆ دەردەخا. قسە روونو بێپەردەکانی دوکتور هاشم ئاغاجەری لەبارەی رەتکردنەوەی بێ‌ئەملاو ئەولای دەسەڵاتی رووحانیەتەوە شاهیدێکی باشی بێزاریی خەڵکی ئێران لەو حکوومەتەن کە بەناهەق بەناوی خواو دینەوە بەسەر خەڵك دا سەپێندراوە. ئەگەر لەبەرچاومان بێ کە ئاغاجەری موسوڵمانێکی بەبیروباوەڕی شیعە مەزهەبو تێکۆشەرێکی جەبهەدیتوویەو تەنانەت لاقێکی لەجەبهەکانی شەڕی دیفاع لەو نیزامە دا لەدەست داوە، ئەودەم تێدەگەین کە کاری ئەم نیزامە گەیوەتە چ جێگایەكو چ پاشەڕۆژێکی رەش چاوەڕوانیەتی.

خۆپێشاندانی پڕشکۆی خوێندکارانو کۆمەڵانی خەڵك لە تارانو شارەکانی دیکە بەبۆنەی سێیەمین ساڵوەگەری کارەساتی ١٨ی پووشپەڕی زانستگەی تارانەوە نموونەیەکی دیکەو شاهیدێکی زیندووی دیکە لەسەر بڕیاری لێبڕاوانەی خەڵکی ئێرانە. هەموومان دەزانین کە لە دوو مانگ لەمەوبەرەوە کاربەدەستانی رێژیم لە تارانو هەموو شارە گەورەکانی وڵات دا بە بیانووی جۆراوجۆر کەوتبوونە گرتنو سەرکوتی لاوەکانو لە بەرەبەری ١٨ی پووشپەڕیش دا هەموو قۆڵەکانی رێژیم یەکدەنگ هەرچەشنە خۆپێشاندانو کۆبوونەوەیەکیان قەدەغە کرد. کەچی دیتمان بەدەیانو سەدان هەزار کەس رژانە شەقامەکانو شیعاری بژی ئازادیو بمرێ زۆرداری‌یان بەگوێی کاربەدەستان گەیاند.

دواترینو بەرچاوترین رووداو کشانەوەی ئایەتوڵڵا سەیدجەلالەددین تاهیری ئیمام جومعەی ئیسفەهان لە پۆستی ئیمام جومعەییو ئەو نامە راشکاوانەو بێ پەردەیە بوو کە بڵاوی کردەوە. ئەوە ئیدی حیزبو رێکخراوەکانی بەقسەی کاربەدەستان "دژی شۆرش" نین کە ئەو قسانە دەکەن. ئەمە رێبەرێکی پایەبەرزی مەزهەبیو یەکێك لە بنیاتنەرانی کۆماری ئیسلامیو یەکێك لە هەڵبژاردەکانی ئایەتوڵڵا خومەینیو لە هەموان زیاتر یەکێك لە شەخسییەتەکانی جێگای حورمەتی بەمیلیۆن موسوڵمانی شیعە مەزهەبە کە لەو حکوومەتەی بەناوی دینەوە دەکرێ بێزار بووەو شەرم لەو کارانە دەکا کە بەناوی حکوومەتی "الله"وە دەکرێن.

کەوایە وڵاتەکەمان لە دەروازەی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دایە. ئەم واقعییەتە ئەرکی تازە دەخاتە سەرشانی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانو یەك لەوان تێکۆشەرانی دێموکرات. با بە ئیرادەیەکی پتەو و ئومێد بە دوارۆژەوە بەرەوپیلی رووداوەکان بچینو خۆمان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمان لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکەین. با حیزبەکەمان دیسان نوختەی هومێدی خەڵکی کوردستانو هەموو ئازادیخوازانی ئێران بێ.

لە سێزدەهەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمرو عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو دوکتور فازڵ رەسووڵ دۆستی حیزب و سێهەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی کاك سەلام عەزیزیدا سڵاو لە گیانی پاکی ئەو دوو رێبەرە لەدەستچووەو هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی گەلەکەمان دەکەینو بەڵێن بێ هەروەك دوکتوری شەهید دەیگوت "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی رێگایانە" درێژەدەری رێگایان بینو تا گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن ئاڵاکەیان هەڵنەپەسێرین.

سڵاو لە ئازادی

نەمان بۆ سەرەڕۆیی

سڵاو لە چینو توێژە خەباتگێڕەکانی خەڵکی ئێران

سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن.